## ناوەرۆك

پێشەکی.......... ٣
ونکراوەکان لە بەسەرهاتی فتووحات.......... ٦
شایەتەکان دەدوێن.......... ١٧
ماستەرنامەکە لەژێر تیشکدا .......... ٢٩
یەکەم–ئەوەی سەرەکییە .......... ٣٠
دووەم: وەکو ئیشەکانی قوتابییەکی ناوەندی .......... ٣٣
١– هەلبژاردەی کتیب.......... ٣٤
٢–پەراویزەکان بە کاملی .......... ٦٩
کۆتایی .......... ٨٢
سەرچاوەکان .......... ٨٣

نووسەر شایەتیی رۆژهەڵاتناسی تر دەنووسیت وەك دی گۆیە De Goeje (دەنووسیت: دی غوج) لەبارەی هەڵویستی نەصرانییەکانی سووریا لە فەتحی ئیسلامی دەهینیتەوە کە ئەمانە وەکو تەماشاکەر سەیری ئەو هیزانەیان دەکرد کە دەچوونە ناو وڵاتەکەیان بەڵکو تەنانەت لایەنگیریی خۆیان بۆ عەرەب نەدەشاردەوە پاش ئەوەی ئەمانە بە بەڵگەی تەواو سەلماندیان نیازیان نییە وڵاتەکە تاڵان بکەن یان خراپەکاریی تیدا ئەنجام بدەن و بە نەرمی رەفتار لەگەڵ هەر کەسیك دەکەن کە گویرایەڵ بیت (ل ٢٣٣، پەراویزی ١٠٠).

نووسەر هەروەها قسەکەی گۆبینۆ Gobineau نەقڵ دەکات:(( ئایین نییە لە مەسەلەی چاوپۆشیدا شان لە شانی ئیسلام بدات))(ل٢٣٨).جگەلەمانەش کتیبەکە شایەتیی تری تیدایە.

نووسەر باسی ناکۆکیی نیوان تایفە نەصرانییەکان لەکاتی دەولەتی عوسمانی دەکات کە چۆن هەندیکیان بە هاندانی دەولەتە گەورەکان کیشەیان بۆ دەولەتەکە دروست دەکردو بەهانەیان دەدایە ئەو دەولەتە گەورانە دەست بخەنە ناو کاروباری عوسمانییەکان (ل ٢٨٠-٢٨٢). هەروەها مژدەدەرەکان بە خراپی ئەو ئازادییە ئایینییەیان بەکاردەهینا. ئەمانە ( کە دەولەتانی رۆژئاوا ناردبوویانن /ف.) دەوریکی خراپیان لە تیکدانی پەیوەندیی نیوان موسلمان ونەصرانییەکان دەبینی (ل ٢٩٠ بەدواوە). ئامازەش بۆ کتیبی جۆن جۆزیف؛ ( نەستوورییەکان و دراوسی موسلمانەکانیان- ١٩٦١ ) دەکات کە بەدریژی باسی دەوری ئەو مژدەدەرانە دەکات لە تیکدانی حالەتی پیکەوە ژیانی کوردو نەستوورییەکان (ئەوانەی ئیستا بە خۆیان دەلین ئاشووری/ ف.) (ل ٢٩٢-٢٩٣ پ.١٩٨).

جۆزیف هەروەها باسی کارە درندەکانی لەشکری رووسیای قەیسەری کاتی گرتنی رەواندوز دەکات کەپاش گرتنی شارەکە تەنها لەسەددا بیستی دانیشتووانی کوردی بەزیندوویی مابوونەوە (ل ٢٩٨، پ.٢٠٤).(قورم) دەلیت چەند تیپیکی نەستووری کەپیشتر لەگەڵ دراوسی کوردەکانیاندا لەهەماهەنگییەکی نایابدا دەژیان بەپاڵ هیزەکانی رووسیا شەریان دەکرد (هەمان لاپەرەو پەراوین).دواتریش کە فەرەنساو بەریتانیا خیانەتیان لەو تایفە نەصرانییانە کرد (هەروەها لە کورد) شتیکی بەدیهی بوو کوردو تورك زۆر بەتوندی تۆلەیان لی بسەندنەوە(ل٢٩٩).

پاش هەموو ئەمانە دیارە شتی خراپ هەن لەگەڵ شوینکەوتەی ئەو ئایینانە کرابن بەڵام ئەمە دەگەریتەوە بۆ ئەوەی هەندی لەوانە ئەو ئازادییەیان خراپ بەکارهینابوو( بروانە وەکو نموونە لاپەرە ٢٣٠ هەروەها ئارنۆلد، ل ٧٢) یان بەهۆی پەیوەندی بەستن لەگەڵ دوژمنی دەرەوە وەکو نموونەکەی سەرەوە یان ،وەك گۆبینۆ دەلیت، هۆیەکی سیاسی یان حالەتیکی مەزاجیی فەرمانرەواکە یان خەلکەکەی لەپشتەوەیەو ئایین تەنها بەهانەیە دەنا ئاین هیچ پەیوەندییەکی پیوە نییە (قرم، ل٢٣٨). لەبارەی ئەم جۆرە کارانەش ( بەتایبەت لابردنی زیممییەکان لە کاروباری دەولەت) ئارنۆلد دەلیت ئەم کارانە بەزووترین کات کۆتاییان پیهات (ئارنۆلد، ل٧١).

دوو کتیبەکەی سەرەوە شتی زۆریان تیدایە بشین بۆ نەقل کردن بەڵام ئەم کتیبە لەمە زیاتر هەلناگریت بۆیە لیرەدا دەوستم. کارەساتیشە لەراستیدا خوینەری کورد لەم باسانە بیئاگابیت و قسەی هەندی نەخویندەوارو دەمارگیر، تەنانەت قسەی سەرجادەش نەبیت شتی تر نەبیستیت و تەنها ئەم قسانە دووبارە بکاتەوە. هەلبەت یەکیك لە تاوانبارەکان نووسەری ئیسلامییە کە بایەخیکی وای بەم بابەتە نەداوە یان هەر کاتیك بایەخی پی دابیت هەقی خۆی پی نەداوەو خۆی لە پیناویدا وەکو پیویست ماندوو نەکردووە.

* * * * * * *

کەواتە پیویستە ئەو فیکرەیە لە میشکی خۆمان دەربکەین کە گوایە رۆژئاوا کانگەو سەرچاوەی چاوپۆشیو ئازادیی ئایینییەو چیتر بەتەسلیمبوونەوە وانەکانی ئازادی لەوەوە وەرنەگرین و ئەو راستییە گرنگە بزانین کە موسلمانان کاتیك چاوپۆشییان لەگەڵ ئایینەکانی تر کردووە ئەو موسلمانانە پابەندی ئیسلام بوون لەکاتیکدا رۆژئاوا کاتیك ئازادیی ئایینیی بەخشی کە ئاین هیچ بەهایەکی لا نەماو لەلای ئەو یەکسان بوو مرۆڤ ئایندار بیت یان بیباوەر. جیاوازیی نیوان دوو حالەتەکەش وەکو جیاوازیی نیوان زەویو ئاسمانە. ئەگینا کامیان بەخشندەیە؛ ئەوەی حەزی زۆری هەیە لە شتیك و هەر لەریوەو بی ململانە زۆری لی دەبەخشیت یان ئەو کەسەی کاتیك شتەکە دەبەخشیت کە لای گرنگ نەبیت؟ ئەمە راستییەکەیە بەڵام مرۆڤی ئیمە بەردەوام پیی وتراوە تۆ هیچ نیت و رۆژئاوا هەموو شتیکە. مرۆڤی ئیمە بەر لەهەموو شتیك کەسایەتییەکەی تیکشکاوە، بەر لەوەش باوەرەکەی درزی تیکەوتووەو لەم درزەوە کەسایەتییەکەی دەستی بە هەرەسهینان کردووە.

لە کۆتایی ئەم بەشەشدا دەلیم ئەو بۆچوونەی، یان راستتر ئەو بوهتانەی دەلیت فاتحە موسلمانەکان خەلکیان بە زەبری شمشیر کردە موسلمان بۆچوونیکە زیاد لە سەدەیەکە میژوونووسە بەئینسافەکانی رۆژئاوا رەتیان کردۆتەوەو بۆچوونیکە دەگەریتەوە بۆ سەدە ناوەراستەکان تاکو سەدەی نۆزدە کەچی تازە بەتازە زانکۆی سلیمانی لە سالی ٢٠٠٢ ی زاینی ئەو بۆچوونە کۆن و هەلەو دەمارگیرە دووبارە دەکاتەوەو دکتۆریکی زانکۆ نەخشە بۆ ماستەرنامەیەك لەم بارەوە دەکیشیت و سی دکتۆری تر

# ماستەرنامەکە لەژێر تیشکدا

کورتەی رەخنەکانمان لە لیکۆلینەوەکە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم – ((بەئیسلام کردنی کورد)) کە بربڕەی پشتی ماستەرنامەکەیە هەلەیەو ئەو تەرحە سەرلەبەری ماستەرنامەکە هەلدەوەشێنێتەوە.

دووەم– شوان مامەلەیەکی نازانستیانە، بگرە نائەمینانەشی لەگەل سەرچاوەکاندا کردووە، شوان لەرادەبەدەر ئەم شتانە زۆر دەکات:

١–ژمارەیەك سەرچاوەی نووسیوە کە نەیدیون و تەنها بۆ زیاد کردنی ژمارەی سەرچاوەکان نووسیونی. بەلگەکانم لەسەر ئەوە خالی (٢)ی خوارەوەیە.

٢– کاك شوان شت دەلیت و ئاماژە بۆ سەرچاوە دەکات کەچی ئەو شتە لەو سەرچاوەیەدا وجوودی نییە یان باسەکە بەشیوەیەکی ترە. زۆر جار سەرچاوەکە تەنانەت یەك وشەش نالیت لەوەی شوان نووسیویەتی.

٣– باشترین حالەت ئەوەیە زانیارییەك دەنووسیت و ئاماژە بۆ چەند سەرچاوەیەك دەکات کەچی یەکیك یان زیاتر لەو سەرچاوانە تەنها بەشیکی ئەو زانیارییەیان تیدایە.

٤– ئیشی نازانستیی تر: کاتەکان تیکەل بەیەك دەکات بۆ نموونە وەسفی شوینیك دەکات بە شیوەیەکی رەها لەکاتیکدا وەسفەکە لە سەرچاوەکەدا بۆ سەردەمیکی دیاریکراو هاتووە یان بەجۆریك وەسفی شوینەکەدا دەکات وا دەزانی هی کاتی فتووحاتە کەچی هی سەردەمی ترە. شیوازیکی تری مامەلەی نازانستیش: شتیکی وتووە کە سیغەیەکی گشتکاری هەیە بۆ نموونە: ((خەلیفەکان بەپیی بنەماکانی ئیسلام حوکمیان نەکردووە)) ئاماژەش بۆ سەرچاوەیەك دەکات کەچی سەرچاوەکە بەو شیوە گشتکارە باس لەمە ناکات (بۆ نموونە: باس لەرەفتاری خەلیفەیەك بەتەنیاو باس لە رووداویکی دیاریکراو دەکات نەك خەلیفەکان بە شیوەیەکی گشتی).

جگە لەوەش شتی تر هەن شایەنی رەخنە بن ، ئەوانەی لەگەل بنەماکانی لیکۆلینەوەی زانستیدا ناگونجین وەکو هەلەی زۆر لە نووسینی سەرچاوەکان و ناوی خاوەنەکانیان... تاد بەلام ئەمانە لە ئاست هەلەکانی تر بچووك دەبنەوە بۆیە ئەو بایەخەم پی نەدان.

بۆ ئەو کتیبانەش کە شوان ناوی بردوون، هەولم داوە هەمان چاپ بهینم وتەماشا بکەم، هەندیکیان چاپی ترن بەلام جیاوازیی چاپ کیشەیەك نییە چونکە تەنها دووان سیانیان کتیبی نوین و ئەوانی تر کتیبی کۆنن و خاوەنەکانیان نەماون دەستکارییان بکەن بۆیە چاپەکان تەنها جیاوازیی لاپەرەیان هەیە.

# یەکەم - ئەوەی سەرەکییە

خەم خواردنی میللەت و حزکردن بە خیروچاکەی هەستیکی رەوایە، بەلام شیواندنی میژوو ستەمیکە نەك تەنها لە میللەتانی تر بەلکو پیش هەموو شتیك لەو میللەتە خۆی. پیویستە راستی چۆن بیت مرۆڤ قبوولی بکات، کوردیش هیچی لە شیواندنی میژووی دەستناکەویت غەیری شیواندی ئیستاو داهاتووی خۆی.

وەکو وتم بربڕەی پشتی لیکۆلینەوەکە (بەئیسلام کردنی کورد) هەلەیەو بەسە بۆ هەلوەشاندنی هەموو لیکۆلینەوەکە بەلام کاتیك مرۆڤ بەدوای ئەو سەرچاوانەدا دەگەریت کەنووسەر ئاماژەیان بۆ دەکات و لەگەل کتیبەکە بەراوردیان دەکات ئەم تەوەرەیەی لەیاد دەچیت، پاشان، وەکو خۆم، دەکەویتە گیژاویك؛ گیژاوی تەماع چونکە کاتیك فلانە کتیب دەکاتەوەو دەبینیت چ فیلیك کراوە دەلیت با ئەو کتیبەی تر ببینم.. بەم شیوەیەش غەرقی ناو ماستەرنامەکەی شوان دەبیت و لەهەمان کاتیشدا لەزەتیکی گەورەی لیدەبینیت، لەزەتی کۆکردنەوەی زانیارییە هەلەکان.

با جاریٚ واز لەمە بهینین و بیینە سەر تەوەرەی یەکەم و سەرەکیی ماستەرنامەی بەئیسلام کردن (راستەکەی: بەموسلمان کردن) و هەولبدەین زۆر بەخیرایی کۆتایی پیٚبهینین.

لەکتیبەکەدا ویستراوە ئەوە بسەلمینریت کەکورد بەزۆر کراونەتە موسلمان بەلام ئەوەی بەم بۆچوونە ناریکە بنەمای سیٚ هەلبژاردنەکەیە: موسلمانان کە دەچوونە شوینیك سیٚ ئیختیاریان دەخستە بەردەم خەلکەکە: یەکەم: موسلمان بوون، دووەم: مانەوە لەسەر ئاینی خۆیان و جزیەدان، سییەمیش: ئەگەر بەهیچیان رازی نین شەر بەرپا دەبیت.

بنەمای سێ ئیختیارەکە فیکرەی بەزۆر موسلمانکردنی کوردو غەیری کورد سەرتاپا هەرەس پی دەهینیت.

خۆش ئەوەیە کاك شوان‌و غەیری کاك شوان لەهەمان کاتدا ئەو رایەی تریش دەلین کەگوایە هۆکـاری ئابووری پـالی بـە موسلمانانەوە نابوو فتووحات ئەنجام بدەن‌و سامان پـەیداکردن مەبەستی سـەرەکییان بووە. ئەمـە دەلین بێ‌ئەوەی بپرسن: چۆن خۆدەولەمـەندکردن لەگـەل ئـەوەدا دەگونجیـت بـەزۆر خـەلك بکریتـە موسـلمان! دیـارە ئەگـەر موسـلمان بـن چیـتر جزیـە نـادەن، بەواتایەکی‌تر ئەگەر هۆکاری ئابووری پالنەری فتووحات بووبیت ئەوە گونجاوتر دەبیت واز لەخەلکەکە بهینن لەسەر ئاینی خۆیان بمیننەوە تا جزیەیان لیوەربگرن، پیش ئەوەش داوای موسلمان بوونیان لی نەکەن نەوەکو ببنە موسلمان و ئەمان دەسکەوتەکانی شەریان لەکیس بچیت. ئەم جۆرە رخنگرانە تەنانەت رەفتاری هەندیك خەلیفەی ئومەوی دەکەنە بەلگەو دەلین ئەم خەلیفانە بینیان خەلك بەلیشاو دەبنە موسلمان‌و بەم جۆرە داهاتی دەولـەت کـەم بـووەوە رەفتـاریکی نائیسلامییانەیان نواند ئەویش هیشتنەوەی جزیە لەسەر ئەم تازە موسلمانبووانە. ئەمەش بۆ خۆی بەلگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کەس بەزۆر نەکراوەتە موسلمان.

دیارە شوان دەیزانی بەزۆر موسلمانکردنی کورد لەگەل بنـەمای سێ ئیختیارەکـە ناگونجیت بۆیـە بەهینانـەوەی قسـەیەکی بێ بناغە ویستوویەتی خۆی لەم کیشەیە دەرباز بکات.

ئەو دەلیت مەرج نەبوو ئەم بنەمایە لەهەموو شەرەکاندا دووبارە بووبیتەوە ((بەلکو لەزۆر شەردا ئەم پرۆسەیە ئەنجام نەدەدرا)) (ل ٢٦٩). بەلگـە دەبێ چـی بیت؟ شـوان بـۆ ئـەم بریـارە گەورەیـە تەنـها یـەك نموونـە دەهینیتـەوەو دەلیـت(( تەنانـەت لەسـەردەمی پیغەمبـەر (د.خ) یشـدا – (د.خ) هـی شـوان خۆیـەتی – ئـەو پرانسـیپە هـەموو جـاریك پیـادە نـەدەکرا، لەغـەزوەی بـەنی مصطلـق، بەفەرمانی پیغەمبەر یەکسەر پەلاماریان دان)) (ل ٢٦٩ پەراویزی ١).

سەیریشە شوان وەکو سەرچاوە ناوی کتیبی (عصر النبوة و الخلافة الراشدة)ی هەردوو دکتۆر( لبید ابراهیم و فاروق عمر)ی هیناوە کە تیایدا باسی ئەو ریوایەتە وتراوە کە عەشیرەتی (بەنولموصطەلەق) ویستیان پەلاماری شاری مەدینە بدەن. کەواتە چۆن دەتوانین باس لەو بنەمایە بکەین؟[1]

بەلگـەش لەمـە لاوازتـر نییـە چونکـە لـەم غەزوەیـەدا (کـە هـەروا بـە غـەزوەی ئەلمورەیسیع ناسـراوە) مەسـەلە شـەری راگـەیاندنی ئیسلام‌و گەیاندنی نەبوو، روایەتەکەی تریش کە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدایە هەیـە پیغەمبـەر ﷺ ئـەوانی لـەناکاو برد[2] کە دیسان ئەو مەبەستە ناگەیـەنیت چونکە ئەمانە دەمیك بوو بانگەوازی ئیسلامیان پی گەشتبوو جگـە لەمـەش دەشـیت عەشیرەتەکە خۆیان بۆ شەر ئامادەکردبیت و موسلمانان لـەناکاویان بردبن. بـە هـەر حـال فـەرموودەی صـەحیحی ئامۆژگارییـەکانی پیغەمبەر ﷺ سەبارەت بە سی ئیختیارەکـە هـاتووە[3]. جگـە لـەوەش ئاموزگارییەکـەی پیغەمبـەر ﷺ بۆ عـەلی لـە غـەزوەی خەیبـەردا هەیـە کـە دەلیـت: پەلـە مەکـە تـا دەچیتـە گۆرەپانەکـەیان پاشـان بانگیـان بکـە بـۆ ئیسـلام..[4] غـەزوەی خەیبـەریش دوای غـەزوەی ئەلمورەیسیع بوو، واتە حوکمی بانگکردنی خەلك بۆ ئیسلام پیش شەر هەر مابوو.

جگە لەوەی شوان نموونە لەفتووحات ناهینیتەوە لەسـەر ئـەوەی بنـەمای سێ ئیختیارەکـە ((هـەموو جاریك پیـادە نـەدەکرا)) و جگە لەوەی لەسەردەمی پیغەمبەرەوە ﷺ نموونەیەك دەهینیتەوە کە بۆ حالەتی مەبەست ناشیت، دەبینین بازیکی گـەورە دەدات‌و گریمانەیەکی گەورە لەسەر ئەم بێ سەرو بەرییە بینا دەکات‌و دەلیت رەنگە هۆی پیادە نەکردنی ئەو بنەمایە بۆ ئەوە بگەریتـەوە موسلمانان لەوە ترسان خەلکەکە ببنە موسلمان‌و بەم شیوەیە دەستکەوت و تالانییەکانیان لەدەست بچیت (ل ٢٦٩)[5].

ئەم رەخنەیەمان، وەکو وتم، بەسە بۆئەوەی تەواوی ماستەرنامەکە بێ بەها بهیلیتـەوە بـەلام ئەمـەیان تەنـها ئـەوەی سـەربەرەیەو ئەوەی بن بەرە گەورەترە. کۆتایی ئـەم رەخنەیـەم لـە تـەوەرەی سـەرەکیی ماسـتەرنامەکە بـە روونکردنەوەیـەك دەهینـم. حـەز دەکـەم هۆکاری ئەوە ئاشکرا بکەم کە بۆچی شتی دژ بەیەك دەوترین:

مەبەستی ئەو کەسانە لەباسی فتووحات تەنها رەخنەو رەفزە نەك گەشتنە بەراستی بۆیە دەبینین لەلایەك دەلین ئیسلام ئاینی کورد نییەو بەزۆر لەلایەن عەرەبە موسلمانە داگیرکەرەکانەوە بەسەرماندا سـەپینراوە: ((یـان موسـلمان بـوون یـان شمشیر))، بـەلام لەهەمان کاتدا دەلین عەرەب لەبـەر هۆکـاری ئـابووری فتووحاتیـان بـەرپا کـردو مەبەسـتیان بـوو تـالانی بکـەن‌و بـاج‌و جزیـە لەخـەلك

[1] چاپی سییەمی ئەو کتیبەم لایە (١٩٨٤) کە هی (د. لبید)و( د.ابراهیم نمیر) ـە کە ئەمیان بەشیکی کتیبەکەی نووسیوەو پاشان کۆچی دوایی کردووە. شوانیش چاپی (١٩٨٧) دەنووسیت.

[2] صحیح البخاری، جزء ٣، في العتق و فضله ، صحیح مسلم، جزء ٥، کتاب الجهاد والسیر، باب جواز الاغارة علی الکفار الذین بلغتهم دعوة الاسلام من غیر تقدم الاعلام بالاغارة.

[3] صحیح مسلم، جزء ٥، کتاب الجهاد والسیر، باب تامیر الامام للامراء...

[4] صحیح البخاري، جزء ٤، باب فضل الجهاد والسیر، باب دعاء النبي ﷺ الی الاسلام والنبوة...

[5] شوان وشەی دەستکەوت بۆ (الفئ) بەکاردەهینیت کە ئەمە هەلەیە چونکە دەستکەوت واتایەکی گشتیی هەیە لەکاتیکدا وشە عەرەبییەکە جۆریکی تایبەتی دەستکەوتە.

وەربگرن. لەلایەك دەڵێن: یـان شمشێر یـان موسڵمان بوون‌و لەلاکەی ترەوە دەڵێن کورد تـا سەدان ساڵیش دوای فتووحـات هـەر ئیسلامیان قبووڵ نەکرد (بەم جۆرەش تیۆری شمشێر رەت دەکەنەوە بێ‌ئەوەی بەخۆیان بزانن).

مرۆڤیش کە گەیشتن بەراستی مەبەستی نەبوو ناچارە ریگەی پیچاوپیچ بگریتە بەرو بەمە خۆی تووشی ناریکی دەکات. دواتر (یان رەنگە پیشتر) ئەمە تیکەل بەفروفیشالیکی زۆرو نەخشاندنی وینەیەك بۆ شەرەکان بەجۆریك کورد دەوری گەورە لەبەرەنگاری دەبینیت‌و باقی میللەتانی‌تر لاوەکیترین دەوریان پێ دەدریت، تەنانەت دەولەتیکی گەورەی ئەو سەردەمە، مەبەست دەولەتی ساسانییە، دەورەکەی بچووك دەبیتەوەو هەست دەکەی وجودی لەوکاتەدا ئەگەر شتیکی زیادەش نەبیت گۆرانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر ((راستییەکان))دا نەهیناوە. لەمەشەوە ئەو کوردانەی لەلەشکری ساسانیدا شەریان دژی موسلمانەکان کردبوو دەبنە کوردپەروەرو بۆ کوردستان شەریان کردووە نەك بۆ پاراستنی تەختی ساسانییەکان هەروەك چۆن فارسەکان خۆیان دەبنە هاوولاتیی نیشتیمانپەروەر نەك ئامیریك بەدەست پادشاکانیانەوە. پیشتریش باسی ئەم شتانەم کردو ئەم چەند رستەیە لیرەدا بەسە.

## دووەم – وەکو ئیشەکانی قوتابییەکی ناوەندی

مامۆستاکان باش لەفیلەکانی قوتابییەکانیان شارەزان. ئەم قوتابیانە کاتیك راپۆرتیان بەسەردا دەدریت فیل لەسەرچاوەکان دەکەن. لەمەشدا ناتوانین لۆمەی قوتابیان بکەین چونکە تەنانەت هەندیك نووسەریش ئەمەیان پێ شەرم نییەو دروشمەکەیان لەم کارەدا ئەوەیە ((کێ پیی دەزانیت))، بەلام ئیوە چی دەلین ئەگەر کاری وا لەنامەیەکی زانکۆدا کرابیت؟

فیل کردن لەسەرچاوە چەند جۆریکە. جاری وایە نووسەر زانیارییەکە لەسەرچاوەیەکدا دەبینیت‌و نەقلی دەکات بەلام چونکە سەرچاوەکە لاوازە ناوی نابات بەلکو ناوی ئەو سەرچاوەیە دەنووسیت کەلەسەرچاوە لاوازەکەدا دەیبینیت، خوینەریش بەم جۆرە وا دەزانیت ئەم سەرچاوەیەی دیوە. ئەم کارەش لەزانستی فەرمووودەناسیدا (علم الحدیث) پیی دەوتریت تەدلیس.

جۆریکی تری فیل ئەوەیە نووسەر زانیارییەکە لەسەرچاوەی (س)دا دەبینیت‌و ئەمیان لەسەرچاوەی (ك)ەوە وەرگیراوە، نووسەریش هەردوو سەرچاوەی (س) و (ك) پیکەوە دەنووسیت‌و خوینەر وا تیدەگات نووسەر هەردوو سەرچاوەکەی بینیوە.

کاك شوان ئەم کارانەی بەردەوام کردووە. سەرەتا کلیلی زانینی ئەمەش قسەیەکی شوانە لەموناقەشەی ماستەرنامەکەیدا. دکتۆر (حسام الدین) ئەو تیبینییەی هەبوو بۆ یەکیك لەزانیارییەکان کە لەئەسلدا لەکتیبەکەی (یاقوت الحموی)دایە بەلام شوان ناوی سەرچاوەیەکی تری بردووە کەئەمیش بۆ خۆی لەیاقووتی وەرگرتووە ئیتر بۆچی شوان هەر ناوی کتیبەکەی یاقووتی نەهینا؟ شوان لەوەلامدا وتی: مامۆستا ناکرێ هەموو جاریك بلیم (یاقوت الحموی)... (یاقوت الحموی) ئەمەم لەبەر (تنوع المصادر) کرد.

ئەم کارەی شوان بۆ خاتری (تنوع المصادر) پیشەی بەردەوامی بوو. لەراستیشدا چاوەریم نەدەکرد شتی وا لە نامەیەکی زانکۆدا بکریت، هەرچەندە شتیکی وام لە نووسینی خەلکدا دەبینی.[1] لەم بابەتەشماندا خوینەر شتی زۆر لەم جۆرە دەبینیت. کاك شوان لەبەر (تنوع المصادر) ژمارەیەك سەرچاوەی نووسیوە کە نەیدیون، ئیمەش ئەو سەرچاوانە بەبەلگەوە دەژمیرین. زانیارییەکانی کاك شوان یان هەلەن‌و یان لەو سەرچاوانە وجودیان نییە بۆیە مرۆڤ بەئاسانی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کاك شوان ئەو سەرچاوانەی نەدیوە.

رەخنەکانم لە سەرچاوەکان و لە زانیارییەکانی کاك شوانم کردووە بە دووبەش:

یەکەمیان: کاك شوان شتیك دەنووسیت و ئاماژە بۆ چەند سەرچاوەیەك دەکات. منیش یەك بەیەکی سەرچاوەکانم هیناوە تا بیسەلمینم زانیارییەکە لەو سەرچاوانەدا نییە یان ئەگەر هەبیت بەو شیوەیە نییە کە شوان نووسیویەتی. ئەم بەشەشم ناو ناوە: **پەراویزەکان بەکاملی**.

بەشەکەی تریش ئەوەیە لەناو ئەو سەرچاوانە تەنها یەکیکیانم وەرگرتووەو ئەو کارەی سەرەوەم لەسەر کردووە. ئەمەشم بۆیە کردووە چونکە کاتیکی کەمتری دەویت. ئەم بەشەشم ناو ناوە **هەلبژاردەی کتیب** . رەنگە کاك شوان بلیت: لەناو (بۆ نموونە) سی سەرچاوە با زانیارییەکە لە یەکیکیاندا نەبیت ، خۆ لە دوانەکەی تردا هەیە. منیش دەلیم: یەکەم شت دلنیات دەکەم لە زۆر حالەتدا لە دوانەکە تریشدا نییە، بەشی (پەراویزەکان بە کاملی)شم بۆ ئەم مەبەستە داناوە، دووەم شتیش ئەوەیە بەسە بۆ مرۆڤ بەردەوام لەناو سی سەرچاوە لە یەکیکیاندا ئەمانەت نەپاریزیت تا بەها لە بەرهەمەکەی نەمینیت .

[1] یەکیك لەوانە نووسینی لاویك کە عەرەبییەکەی باش نییە کەچی وەکو سەرچاوە کتیبیکی ئەفلاتوونی نووسیبوو ئەویش بەفەرەنسی! پیتە لاتینییەکانیشی وەکو خەتی مسماری نووسیبوو. بەلام با گلەیی لەم نەکەین چونکە کاتی خۆی ئەم جۆرە رەفتارەم لە مامۆستایەکی زانکۆی خاوەن بروانامەی دکتۆراش بینیوە!

لاپەرانە گەرام وهیچم تییاندا نەدۆزییەوە: ٩٨، ١٨٩، ١٩٨، ٢٨٩، ٢٩٨، ٣٨٩، ٣٩٨، تەنانەت سەیری پیرستی ناوەکانیشم کردو هیچم تیا دەستنەکەوت، ئەی دەبێت ئەمەی لەکویوە هینابیت؟ نەمتوانی بزانم[1].

**دوو: پاشان کتیبی (فارسنامە) هەیە.**

کاك شوان چەند جاریك لەکتیبەکەیدا ئاماژە بۆ کتیبی (فارسنامە)ی (ابن البلخی) دەکات کە کورد چ پیگەیەکی لەدەولەتی فارسدا هەبووە. لەلاپەرە (٢٣٨)دا بۆ نموونە دەڵیت:

((لەنیو گەلانی ئیرانیشدا کورد توانیبووی شوینی دەستی خۆی لەبوارە جیاجیاکاندا بەروونی دیار بکا))وناوی کتیبی (فارسنامە) ل ١٨٦ و نامیلکەی (کوردناسی) لەنووسینی (ئاورنگ)[2] ل ٢١ دنووسیت. بەڵام (ئاورنگ) باسی ژمارەی زۆری کوردەکانی وڵاتی فارسی زەمانی زوو دەکات: ((ئەمانە لەناو لەشکری پارسدا دەرکەوتووبوونو ئەسپو چەك و تفاقی جەنگی چاکیان بەدەستەوە بووە...)).

قسەکان ئاوا دەستکاری کراون! کاك شوان بەو دەستکاریکردنە ناوەستێو دەڵێ ((واتە کورد بەهیچ شیوەیەك بەشارستانییەت نامۆ نەبووەو خاوەنی کولتوریکی پیشکەوتووش بووە))، بۆ ئەم قسەیەش ئاماژە بۆ کتیبی نووسەریکی کورد دەکات!

(ئاورنگ) لەو قسەیەی سەرەوەیدا ئاماژە بۆ هەمان کتیبی (فارسنامە)و لاپەرە ١٨٦ دەکات! کاك شوان هەمان رەفتار لەلاپەرە (١٤٨) و (١٩٥) دەکاتو ئەم جارە ناوی سەرچاوەی تر دەبات بەپاڵ (فارسنامە) و (کوردناسی).لەشوینی تریشدا بەهەمان شیوە (فارسنامە) دەنووسیت لەهەمووشیاندا هەر دەڵیت (لاپەرە ١٨٦). بە پیی ئەم بەڵگانەو بەرای خۆم کاك شوان (فارسنامە)ی نەدیوەو ژمارەی لاپەرەکەی لە نووسراوەکەی ئاورنگ وەرگرتووە.

**سێ- کتیبی (نخبة الدهر في عجائب البر والبحر) لەنووسینی (شیخ الربوة):**

گوایە کاك شوان بەکاری هیناوە هەرچەندە ناوی لەسەرچاوەکاندا نەبردووە.

١- لاپەرە ١٨ی کتیبەکەی شوان: لەبارەی نیشتەجیبوونی کورد لەهەریمی جەزیرە. ناوی (نخبة الدهر) ی هیناوەو لاپەرە (٢٥٥) . لەراستیشدا یەك وشە لەبارەی جەزیرەوە نەهاتووە، تەنها باسی کوردە.

٢-ل ٣٦ شوان: ((موسل لەسەردەمی فتووحاتەوە هەتا سەردەمی خەلیفە هارون رەشیدی عەبباسی شارەزووریشی لەخۆگرتبوو)) - نخبة الدهر ل ١٩٠.

بەڵام لاپەرەکە باس لەمووسل دەکات لەکاتیکدا باسی شارەزوور لەلاپەرە (١٨٤)دایەو تییدا وتراوە هاوسنووری مووسلەو وتراوە کە (زور بن الضحاك) دروستی کردووە... تاد.

دواییش شوان لەلاپەرە ٣٧ هەمان هەڵەی دووبارە کردۆتەوە[3].

٣-ل ٣٧ شوان: لەبارەی شارەزوورەوە دەڵیت زۆر لەمیژوونووسان (...) دەڵین دەکەویتە نیوان هەمەدانو مووسل - نخبة الدهر، ل١٩٠.ئەو لاپەرەیەی (نخبة الدهر)یش ئەوە لەبارەی شارەزوورەوە دەڵیت کە لە خاڵەکەی سەرەوەدا بینیمان.

٤-ل ٣٦ شوان: کاك شوان باسی مووسل دەکات کە بەر لەفتووحاتو هاوکاتی فتووحات دوو قەڵای بووە (کە ئەمە راستە) بەڵام دواتر دەڵیت قەڵای خۆرهەڵاتیان موسل بووە (بۆ ئەم زانیارییەی دوایی نخبە الدهر، ل ١٩٠، بەتەنیا دەنووسیت) و خۆرئاواش نەینەوا بووە.

بەڵام نخبة الدهر ریك پیچەوانەی ئەمەی تیدایە: پیش فەتح دوو قەڵا بور، رۆژهەڵاتیان نەینەوای پێ دەوترا (...) و رۆژئاواکە پیی دەوترا مووصل.

٥-ل ٣٨ شوان: باسی شاری (تیران شاە) ی نزیك شارەزوور دەکات کە ((بە دووپشکە بکوژەکانی بەناوبانگە)) - نخبة الدهر ل ١٨٤. شتی واش لەکتیبەکەدا نییە. تەنانەت ناوی (تیران شاە)یشی تیدا نییە.

تیبینی: ئەوەی ل ١٨٤ی (نخبة الدهر)و کە باسی شارەزووری تیدایە تەنها یەك دیرە.

---

[1] گومانم لەکتیبەکەی (البابکیة)ی (د. حسین قاسم العزیز) هەبوو کە کاك شوان ناوەکەی وا دەنووسیت: دکتۆر قاسم حسین عەزیز هەروەها لەلیستی سەرچاوەکاندا هەڵە لەدوو دەزگای چاپکردنی دەکاتو سالی دەرچوونی نەنووسیوە کەئەمە بۆ خۆی جیگەی تیبینیە. چاپی یەکەمی کتیبی (١٩٦٦) بووەو نامەی دکتۆرایە لەمۆسکۆ.

[2] کتیبی (کوردناسی) وەکو کتیبەکانیتر پڕە لەزانیاریی هەڵە یان بێ بناغە.

[3] وەکو وتم لەم بەشەی هەڵبژاردەی کتیبەدا هەندی جار نەبیت قسەم لەسەر زانیارییەکان نەکردووە چونکە مەبەستی من لیرە مامەڵەی شوانە لەگەل سەرچاوەکاندا، دەنا بۆ نموونە ئەوەی لاپەرە ٣٧ دوو سەرچاوەی تری بۆ نووسراوە: فتوح البلدان، ل٣٢٩ و الخراج وصناعة الکتابة، ل ٣٨٣و ئەو زانیارییەیان تیدایە (بەڵام یەکەمیان دەڵیت ئەم جیاکردنەوەیەی شارەزوور لە مووسل لە کۆتایی حوکمی هارون الرشید بوو). بیگومان هەر لەم بەشەدا زانیاری هەیە لە هیچ لەو سەرچاوانەدا نییە کە شوان نووسیونی بەڵام باسکردنی ئەمە یان باسکردنی پیچەوانەکە، واتە زانیارییەکەیان تیدایە کاری ئەم بەشە نییە بەلکو هی بەشەکەی ترە: پەراویزەکان بەکاملی.

١٧٦-١٨١ ، واتە ئەو دیرەی کە کاك شوان نووسیویەتی شەش لاپەرەی لە سەرچاوەکە داگیرکردووە!! کە لیژنەکەش بەمە نەزانیت بێگومان ئەوەش نازانیت کە لەو وەسفانەی لە ناو جووتە کەوانەکەی شواندا هاتوون و بە درێژیی ئەو شەش لاپەرەیە تەنها ئەمە هاتووە : ئەمانە تیرهاویژێکی ئەوپەری لیهاتوون (ل ١٨١)!!

**چل و یەك: (دراسات کردیة فی بلاد سوبارتو)ی(د. جەمال رەشید ئەحمەد)**

ل١١٨ شوان: ((وە لە سەرووی موصل ((ئیشو عیاب)) دیریکی لە قەد چیایەکە دروستکرد لە نزیك هەشتاین و توانی دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچەیە بهێنێتە سەر ئاینی مەسیحی)) – دراسات، ل ١٠١-١٠٢.

نە ناوی ((ئیشو عیاب)) و نە هەشتاین[١] و نەئەو باسە هەیە. شوان قسەکەی خستۆتە ناو جووتە کەوانە.

**چل ودوو: (جنوب کردستان)ی (هنری فیلد)**

١- ل ١١٤ شوان: (( واتە سەرەتا لە وڵاتی ئاشوور کە زیتر هەریمی جەزیرە دەگریتەوە جوولەکەی تیدا بڵاوبۆوە ، دواتریش لە وڵاتی بابل و هەریمی چیاو سوسنیا (راستەکەی: سوسیانا/ف.)- خوزستان – و دەوروبەری بڵاوبوونەوە )) – فیلد، ل ٢٥.

بەڵام فیلد دەڵیت : جوولەکە وەچەی ئەوانەن کە پاش کەوتنیﻨەینەوا پەنایان بۆ کوردستان برد یان کورەزای نیشتەجیبووە ئەسلییەکانن پاش کەوتنی سامیرە.

٢- ل ١١٥ شوان: هەر دەربارەی جوولەکە: (( هەروا لە شاری ئاکریدا هەبوون کە ٢٥ کلم لە شاری موصل دوورە)) – فیلد، ل ٢٨.

بەڵام فیلد دەڵیت ٦٥ میل ( واتە زیاتر لە سەد کیلۆمەتر ) رۆژهەڵاتی باکووری مووصلە . جا بریا شوان هیچی نەکردایە تەماشای نەخشەی ناو کتیبەکەی خۆی بکردایە تا بزانیت ئاکری چەند دوورە؛ ٢٥ کیلۆمەتر یان زیاتر! خۆ ئەگەر ئەو ٢٥ کیلۆمەترە هەڵە چاپ بیت ئەی چۆن (میل)ـەکەی فیلد بە هەڵەی چاپ لای شوان بووە (کیلۆمەتر)؟!

**چل وسی: (ایران فی عهد الساسانیین)ی (کریستنسن)**

١- ل٥١ شوان: باس لە (باجرمی) دەکات کە لە ناویدا شاری کەرکووك هاتووە (کرخا یان بیت سلوخ) یان (کرخ سلوخ) کە لە سەردەمی سلوقییەکان گەشەی کرد (٣١٢ پ.ز – ١٣٥ پ.ز)و سلوقسی دامەزرینەری بنەماڵەی سلوقی شوورایەکی بۆ دروستکردووە، تەلارسازیی تیدا ئەنجام داوەو کردوویەتی بە مەڵبەندی شانشینەکەی، بەم شیوەیە مایەوە لە سەردەمی فرثییەکان و هەروا ساسانییەکانیش – ایران، ل٢٥٧.

جگە لەنووسینی هەڵەی ناوی کۆنی کەرکووك و ناوردی لە سەردەمی سلوقییەکان، کریستنسن هیچی لەم شتانە نەوتووە. کریستنسن باسی مەترانییەتی (کرخا بیت سلوخ) دەکات کە یەکیکە لە پینج مەترانییەت کە لەژیر سەرۆکایەتیی ئەسقوفی شاری سلوقیەن، ئەویش سەرەتای سەدەی پینجەمی زایینی.

٢- ل ٦٩ شوان: شوان باسی ناوچەی گەیلان دەکات کە لە باکووری ئیراندایە بەلای دەریای قەزوین کەچی لەهەمان باسدا ناوی شاری گەیلان دەبات کە لە لورستانی بچووکدایەو سەر بە کرماشانە. ئەمەش تیکەلکردنیکی تەواوە چونکە ئاشکرایە لورستان سەدان کیلۆمەتر لە قەزوینەوە دوورە. بەهەر حاڵ ئەوەی لە کریستنسن وەریگرتووە ئەمەیە: ((ریگایەکی سەرەکی بەناو ئەم دەڤەرەدا دەروات ئەویش ریگای نیوان مەدائن و بۆ هەمەدانەو لەویشەوە بەنیو چیاکانی بز " البز " دا دەروات .))- ایران، ل ١١٥(بەتەنیا).

کریستنسن باسی ریگا گەورەکە دەکات کە دەگاتە هەمەدان و ریگەی زۆری لی دەبیتەوە کە یەکیکیان دەگاتە (رەی) نزیك تاران و بەناو کیوەکانی گەیلان و زنجیرەی (البرز) بۆ دەریای قەزوین دەروات... ئەمە شوینی گشتیی ناوچەی گەیلان دیاری دەکات کەچی شوان ناوچەکە دەخاتە ناو هەریمی چیا لەگەڵ کەنگاوەرو هەمەدان... کە زۆر لەو گەیلانەوە دوورە. جگە لەوە شوان سوورە لەسەر ئەوەی چیاکانی (ئەلبورز) بە (بز) بنووسیت.

٣- ل ١٢٤ شوان: (( هۆکاریکی تری بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت شاهنشاهەکانی ئیران بوون چونکە هەرکاتیك شاریکی رۆمیان بگرتبا دانیشتوانەکەیان دەگواستەوە...)) تاد – ایران، ل ٢٥٣.

کریستنسن ناڵیت (( هەر کاتیك )) بەڵکو (( هەندی جار )). هەروەها باسی پادشای ساسانی دەکات نەك پادشاکانی ئیران بە رەهایی.

**چل و چوار: (رەوشی ئایینیو نەتەویی کوردستان)ی (د. رەشاد میران)**

١- ل ٩٢ شوان: ((میترا واتە خوداوەندی خۆرو دواتر زرڤانییەکانیش باوەریان پیهینا)) – رەوشی ئاینی، ل ٢٤.

لەم قسانە تەنها ئەمە هەیە: میترا خوداوەندی خۆرو رووناکی.

---

[١] هەشتاین لەراستیدا لای م. عبدالرقیب وەك هەشتیان هاتووەو باوەری وایە شوینەواری گوندی (ثمانین)ە (الدولة الدوستكية، ج١، ل ١٧ ) .

٣١٦) دواتریش دەلیت کە (عیاض) حەبیبی لە شمیشاتەوە بۆ مەلاتیە نارد...تاد (ل ٣١٧) کە دیسان لە قسەکەی کاك شوان ناچیت.

**٢٧- لەبارەی هەلگەرانـەوەی ئۆرفـە(ئـەلرەها)** : (عیاض) بە وتـەی شـوان ((گـەمارۆی داو دوای ماوەیـەك دووبـارە خستیەوە ژێـر دەسەلاتی عەرەبە موسلمانەکان))– شوان ل٢٥٠. سەرچاوەش: فتوح البلدان، ل١٨٠ و الخراج وصناعة الکتابة، ل ٣١٣.

سەرچاوەی دووەم ئەوەی تیدا نییە، سەرچاوەی یەکەمیش دەلیت کە کاتیك ناوبراو دابەزی ئەوان دەرگاکانی شارەکەیان بۆ کردەوە ئەویش چووە ناویەوە.

سەرەرای ئەوەش شوان دەلیت سەرچاوەکان باسی کاردانەوەی توندوتیژی لەشکری موسلمانان ناکەن (هەمان لاپەرە) وەك چۆن هەر شاریك گیرابیتەوە موسلمانان بە توندوتیژی مامەلیان لەگەلدا کرابیت. یان وەکو رەخنە دەلیت کە یەکیك لە بەندەکانی ریککەوتنی هەردوولا لە یەکەم جاردا ئەوە بوو پاراستنی دانیشتوانی شارەکە لە ئەستۆی موسلماناندایە بەلام ئەگەر ئەم پاراستنەیان رەت کردبیتەوە ئەوە بیگومان موسلمانان کاردانەوەیەکی توندوتیژیان هەبووە (هەمان لاپەرە). ئەم قسانەش جگە لەوەی رەبتیان نییە قسە هەلبەستن و پیچوپەناکردنن بۆ تەفسیرکردنی نەبوونی کاردانەوەی توندوتیژ دژی شارەکە، تەفسیریك هیچ شتیك تەفسیر ناکات غەیری ئەوەی موسلمانان شتیکیان دەکرد (=پاراستنی شارەکە) کە ئاواتی هەموو کەسیکە شارەکەی بگیریت و لە تەعداو پشیوی بترسیت.

شوان یەکسەر دوای ئەوە دەلیت: (( چونکە هەندی لە سەرچاوەکان راپەرینی شارەکان بە (تکفیر) لە قەلەم دەدەن، هەلبەت میژوونووسان هەولییان داوە بە زمانی سەردەمی پرۆسەی فتووحات دەقەکانیان بنووسنەوە))–شوان ل٢٥٠–٢٥١.

جاری ناوتریت ((تەکفیر)) – کە واتای بەکافردانان دەدات – بەلکو دەوتریت ((کوفرکردن)). کوفر لە ئیسلامدا بە ژمارەیەك شت دەوتریت کە واتای باوی کوفر یەکیکیانە. وشەکە لە باسی فتووحاتدا بە واتای ((کوفرکردنی پەیمان)) واتە شکاندنی پەیمان بەکارهاتووە. ئیتر ئەمە پەیوەندیی بە مەسەلەی ئیمانەوە نییە تا شوان وای لی تیبگات لەبەر ئەوەی ئەم هەلگەرانەوەیە کوفرکردنە کەواتا پیویستە بە توندی مامەلە لەگەل ئەو شارەی هەلگەراوەتەوە بکریت. ناهەقی کاك شوانیش ناگرین وا لە وشەکە گەشتبیت چونکە بینیمان کاك شوان لە وشەی زۆر ساکارتری عەرەبی نەگەشتووە.

**٢٨ – شوان شوینی جـەزیرە دیـاری دەکـات:** (( مەبەسـت جـەزیرەی فوراتیـە ئەم دەڤـەرەی دەکەویـتە نیـوان دیجلـەو فـورات سـەرووی خاکی سـەواد " رشـە خـاك" و باکووری تکریت و بە رووی دیجلـەوەو حدیثـة لەسـەر فـورات تـا دەگاتـە چیاکـان))،(وەکـو خـۆی نووسیومەتەوە)– شوان، ل١٨ پ ٣. سەرچاوەش : مختصر کتاب البلدان، ل٢٦–٢٧، اثار البلاد واخبار العباد، ل٣٥١.

سەرچاوەی یەکەم دەلیت: ناونرا جەزیرە لەبەر ئەوەی فورات و دیجلە دەبریت و پاشان دەشتایی دەبریت (ل٢٦) .دووەمیشیان بۆ جـەزیرە دەلیـت: دەکەویـتە نیـوان دیجلـەو فـورات. ئیـتر غـەیری ئـەوە هیـچ شـتیك لـەو قسـە دوورودریـژەی شـوان لـەو دوو سەرچاوەیەدا نەهاتووە.

**٢٩– شـاری دەسـتگرد** :(( شـاریکی زۆر کۆنـەو دەگەریتـەوە سـەردەمی کیسـرای یەکـەم کـە هـەندی وەرزی سـالی لـەوی بەسەربردووە))– شوان ، ل٥٤.سەرچاوەش:کتاب البلدان، ل٣٦؛ الاصطخري ، المسالك والممالك، ل٦١، تقویم البلـدان،ل٣٠٧، کریستنسن، ایران في عهد الساسانیین، ل٤٣٨.

کریستنسن دەلیت: هیرتسفیلد بەلگەکانی ئەو نووسەرە عەرەبانەی پووچەل کردەوە کە دەلین هورموزدی یەکەم دروستکەری دەستگرد بووە. پاشان دەلیت: بەهەرحال تەنها لەسەردەمی کیسرای یەکەمەوە پادشای ساسانییەکان پییان باشتربوو لە عیراقدا نیشتەجی بن.

کتاب البلدان: دەسکەرەی پادشا، خانووی پادشایانی فارسی تیدایە کە سەیر دروستکراون... تاد.

تقویم البلدان: نزیکە لەوەی سەرەوە + شاریکی کۆنە (نەك: زۆر کۆنە).

المسالك والممالك: دەوتریت کە پادشا هەندی وەرزی سال لەویدا دەمایەوە(نوسخەی تری کتیبەکە: کیسرا.. بەلام نوسخەکە نەیوتووە کیسرای چەندەم).

واتە تەنها (تقویم البلدان )و(المسالك والممالك) شتیان تیدایە لە قسەکەی شوان بچن ئەویش پاش دەستکاری کردنی قسەکان لەلایەن شوانەوە. خۆ ئەگەر هەر سەرچاوەیەك شتیکی تیدابوویە لەوەی شوان نووسیوەتی کارەکەی هەر نازانستی دەبوو چ جای ئەوەی دوانیان ئەوەیان تیدا نەبیت و دوانەکەی تر بە دەستکاری و سەقەتییەوە نەقل بکرین.

لەگەل ئەوەشدا ئەمە یەکیکە لە حالەتە باشەکان کە لەو سەرچاوانەی شوان ناوی نووسیون شتیك هەیە لە قسەکەی شوان بچیت.

**٣٠- دووپشکەکانی شارەزوور:** شوان باس لە دووپشکەکانی شارەزوور دەکات کە لە دووپشکەکانی نەسیبین کاریگەرترن (شوان، ل ٣٨) – سەرچاوە : فتوح البلدان، ٣٢٩؛ الخراج و صناعة الکتابة، ل ٣٨٣؛ الثعالبي ل ٤٨٨ – ٤٨٩؛ معجم البلدان، ج٥، ل ٢٨٨.

